# پاوك وخاوێنی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەیەك لە زانایانی ئیسلام

**وەرگێرانی:** زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ الطهارة ﴾

« باللغة الكردية »

مجموعة من العلماء

ترجمة: زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# پاوك وخاوێنی

ئەم بابەتە پێکهاتووە لە دە بەش

**بەشی یەکەم :** لە حوکمی پاکوخاوێنی و حوکمی ئاوەکان، کە چەند مەسئەلەیەکیان لەخۆگرتووە :

**مەسئەلەی یەکەم : پێناسەی (پاکوخاوێنی-الطهارة-) لەگەڵ ڕوونکردنەوەی گرنگی بەشەکانی :**

١-گرنگی (پاکوخاوێنی-الطهارة-) وبەشەکانی : پاکوخاوێنی کلیلی نوێژ و پێداگرییە لەسەر مەرجەکانی، هەر بۆیە دەبێت مەرجە پێشبکەوێت بەسەر مەرج لەسەرگیراوەکەیدا.

(پاکوخاوێنی-الطهارة-) دوو بەشە :

بەشی یەکەم : (پاکوخاوێنی-الطهارة-) ی مەعنەوی

: کە مەبەست پێی پاکوخاوێنی دڵ ودەروونە لە هاوەڵدانان بۆ خوا و گوناهـ وتاوان وهەرشتێکیش ببێت بەهۆی پەردە بەسەر دڵدا هێنان، ئەمەش گرنگترە لە پاکوخاوێنی لاشـە، لەبەر ئەوەی پاکوخاوێنی لاشـە جێ بەجێ نابێت لەکاتێکدا کە پیسی وگەندەڵی هاوەڵدانان وشیرك بووونی هەبێت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ) {التوبة :٢٨} واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە چاک بزانن کە موشریک و هاوەڵگەران ناپوخت و پیسن .

بەشی دووەم : (پاکوخاوێنی-الطهارة-) ی هەست پێکراو (حسي ) : درێژی ئەم بابەتەش لەم دێڕانەی خوارەوەدا باس دەکەین بەیارمەتی خوای گەورە :

٢-پێناسەی (الطهارة) : لەزمانەوانییدا بەواتای پاکوخاوێنی و بەدووربوون لەهەموو پیسییەك دێت .

لە زاراوەی زانایانیشدا : بە واتای هەڵگرتنی بێدەستنوێژی ولابردنی پیسی دێت {بێدەست نوێژی : حاڵەتێکی دێت بەسەر لاشەی مرۆڤدا کە ڕێگری دەکات لەکردنی نوێژ وهاوشێوەکانی کە دەست نوێژ وپاکوخاوێنی بۆیان بەمەرج گیراوە، ئەمەش دوو جۆرە : یەکەم : بێدەست نوێژی بچووك : ئەویش کاتێك ڕوو ئەدات کە هەرشتێك لەپاش وپێشی مرۆڤ دەربچێت وئەم بێدەست نوێژیەش بەوە لادەچێت کە ئەو کەسە هەڵبسێت بە دەست نوێژگرتن کە بریتیە لەشۆرینی ئەندامەکانی دەست نوێژ، دووەم : بێدەستوێژی گەورە : ئەمەش پەیوەندی بەهەموو لاشەی مرۆڤەوە هەیە، وەك لەش پیسی لادەچێت وهەڵدەگیرێت بەشۆرینی

هەموو لاشە، بەم پێیشە پاکوخاوێنی بێدەست نوێژی یان گەورەیە بەشۆرینی هەموو لاشە نامێنێت، یان بچووکە بەدەست نوێژگرتن نامێنێت، لەکاتی بوونی عوذر وبیانوویەکی شەرعیش تەیەموم جێگایان دەگرێتەوە، سەیری الشرح الممتع بەرگی ١/لاپەڕە ١٩) و الفقه الاسلامی وأدلته (بەرگی ١/لاپەڕە٢٣٨) بکە، مەبەست لە الخبث : پیسی ونەجاسەتە کە لەمەوپاش باسی لێوە دەکەین }.

مەبەست لە هەڵگرتنی بێدەست نوێژی : لابردنی ئەو وەصفەیە کە دەبیت بەهۆی ڕێگری لەکردنی نوێژ ئەویش بە بەکارهێنانی ئاو لەهەموو لاشەدا ئەگەر هاتوو بێدەست نوێژیەکە بێدەست نوێژی گەورە بوو، خۆ ئەگەر بێدەست نوێژیەکەش بچووك بوو ئەوا تەنها پێویست بەوەدەکات کە ئاو بەکاربهێنێت لەشۆرینی

ئەندامەکانی دەست نوێژدا بەو نیەتەوە، ئەگەر هاتوو ئەو کەسە لەبەر هەرهۆ وعوذرێکی شەرعی نەیتوانی ئاو بەکاربهێنیت یان ئاو دەست نەدەکەوت، ئەوا لەبری ئەوە تەیەموم بە خۆڵێکی پاك هەڵدەگرێت بەو شێوە شەرعیەی کە فەرمانی پێکراوە، باسکردنی ئەم بابەتەش إن شاء الله لەبابی تەیەمومدا ووتوێژی لەسەر دەکەین .

مەبەست لەلابردنی پیسی : لابردنی هەموو جۆرە پیسیەکە کە بەلاشەو وجلوبەرگ وجێگای نوێژکردنەوە بێت .

پاکوخاوێنی هەستپێکراو دوو جۆرە : پاکوخاوێنی لەبێدەست نوێژی کە تایبەتە بەلاشەوە، وە پاکوخاوێنی لەپیسی وچەپەڵی کە تایبەتە بەوەی لەسەر لاشە وجلوبەرگ وجێگای نوێژەوەیە.

بێدەست نوێژیش دوو جۆرە : بێدەست نوێژی بچووك ( الحدث الأصغر ) كە دەستوێژ واجب وپێویست دەكات، لەگەڵ بێدەست نوێژی گەورە ( الحدث الاكبر ) كە شۆرینی هەموو لاشە واجب وپێویست دەكات .

پیسیش سێ شێوەیە : پیسیەك كە پێویستە بشۆرێت، وە پیسیەك كە پێویستە ئاوی لی بپرژێنیرێت، وە پیسیەك كە پێویستە مەسح بكرێت ولاببرێت .

## مەسئەلەی دووەم : ئەو ئاوەی كە پاوخاوێنی پێ جێ بەجێ دەبێت :

پاكوخاوێنی پێویستی بەشتێك هەیە كە پاككەرەوە بێت، كە پیسی پێ لابچێت و بێدەست نوێژی پێ هەڵبگیرێت، ئەو شتەش ئاوە، ئەو ئاوەیشی

پاككەرەوەیە دەبێت ئاوێكی پاكوخاوێنی بێت، لەخودی خۆێدا پاكوخاوێن بێت وپاككەرەوەش بێت بۆ غەیری خۆی كە لەسەر ئەو شێوەیە مابێتەوە كە خوای گەورە دروستی كردوە، جا ئەگەر لەئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە وەك باران و بەفراو وئاوی تەرزە، یان ئەو ئاوەی بەسەر زەویدا دەڕوات و ڕێ دەكات، وەك ئاوی دەریا و رووبار وكانیاو بیرەكان.

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ ..) {الأنفال:١١} واتە : بارانیشی لە ئاسمانەوە بۆتان نارد تا لەچڵك وچەپەڵ خاوێنتان بكاتەوە، هەروەها دەفەرموێت : (وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا ..) {الفرقان:٤٨} واتە : لەئاسمانەوە ئاوێكی پاك و خاوێنكەرمان ناردە خوار .

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : "
اللهم اغسلني من خطاياي بالماء والثلج والماء والبرد "
{ ئیمامی بوخاری ڕیوایەتیکردوە بەفەرمووودەی ژمارە(٧٤٤) و ئیمامی موسلمیش بەفەرمووودەی ژمارە (٥٩٨)} واتە : ئەی خوای گەورە لەهەڵەکانم پاکم بکەرەوە بە ئاو و بەفر و تەرزە، لەبارەی ئاوی دەریاشەوە فەرموویەتی : " هو الطهور ماؤه الحل ميتته " {ئەبوداود بەفەرمووودی ژمارە(٨٣) و تیرموذی بە فەرمووودەی ژمارە(٦٩) ونەسائی بەفەرمووودەی ژمارە (٥٩) و ئیبنوماجە بەفەرمووودەی ژمارە (٣٢٤٦) ڕیوایەتیان کردووە} واتە : ئاوەکەی _ئاوی دەریا _ پاکە ومردارەوە بووەکەیشی حەڵاڵە .

پاکوخاوێنی ( دەست نوێژهەڵگرتن) بە هیچ شلەیەکی تر جگە لەئاو نابێت، وەك سرکە و بەنزین

وشـەربەت وئاو میوە وهاوشـێوەکانیان، ئەویش لەبەر ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێت : (فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا ..) {المائدة:٦} واتە : ئاوتان دەسـت نەدەکەوت (بۆ خۆشـتن یان بۆ دەسـتنوێژ، ئەوکاتە دەتوانن) بە خاکێکی پاک تەیەموم بکەن .

ئەگەر بهاتایە بەجگە لەئاو دەسـتنوێژ هەڵبگیرایە یان دروسـت بووایە بۆ نەهێشـتنی لەش پیسـی بەکاربهێنرایە ئەوا لەکاتی نەبوونی ئاودا یەکسـەر ئەوانە باسـدەکران وەك جێگرەوەی ئاو نەك تەیەمووم کردن، - بەڵام خوای گەورە لەکانی نەبوونی ئاودا یەکسـەر باسـی تەیەمومی کردوە - .

## **مەسئەلەی سێهەم : ئاو ئەگەر هاتوو پیسییەکی تێکەڵاو بوو :**

ئاو ئەگەر هاتوو پیسیەکی تێکەڵاو بوو وە یەکێك لەم سێ صیفەتەی گۆڕا بۆنی یان تامی یان ڕەنگی ئەوە بە کۆدەنگی زانایان پیسە و دروست نییە بەکاربهێنرێت وبێدەست نوێژی گەورە وبچووکی پێهەڵناگیرێت وپیسیش لانابات ئەگەر کەم بێت یان زۆر، بەڵام ئەگەر هاتوو پیسیەکی تێکەڵاو بوو بەڵام یەکێك لەو سێ صیفەتی نەگۆڕا وئاوەکە زۆر بوو ئەوا پیس نابێت و بێدەست نوێژی پێ هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئاوەکە کەم بوو ئەوا پیس دەبێت و بێدەست نوێژی پێ هەڵناگیرێت، ئەو ڕادەیەشی کە ئاوی زۆری پێ دەپێورێت ئەوەیە بگاتە ڕادەی (قُلَتین ) وزیاتر وکەمتریش کەمترە لەم ڕادەیە. {قُلَة : کۆی قُلَل و قِلال، کە بریتیە لە ۰۷۵، ۹۳ صاعە کە دەکاتە صەد وشەست لیتر ونیو ئاو، ( قلتین یش دەکاتە نزیکەی پێنج گۆزە } .

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو سەعیدی خودری ڕیوایەتی کردوە (خوای لێ ڕازی بێت ) ئەڵێت پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : " إن الماء طهور لاينجسه شىء " { ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە بەرگی٣/لاپەڕە ١٥، ئەبوداودیش لە _كتاب الطهارة باب ماجاء في بئر البضاعة – بەژمارە (٦١) و نەسائی لە _كتاب المياه _ بەژمارە (٢٧٧) و تیرموذی لە _كتاب الطهارة _ باب أن الماء طهور لاينجسه شىء – بەژمارە (٦٦) ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە، وئەلبانییش لەکتێبی الارواء الغليل دا بە فەرموودەیەکی سەحیحی داناوە بەرگی ١/لاپەڕە ٤٥}

واتە : ئاو پاکوخاوێنە و هیچ شتێك پیسی ناکات .

وە ئەو فەرموودەیەش عەبدوڵای کوڕی عومەر (خوایان لی ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " إذا بلغ الماء القلتين لم يحمل الخبث " { ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە بەرگی٢/لاپەڕە ٢٧، ئەبوداودیش لە _كتاب الطهارة باب ما ينجس الماء – بەژمارە (٦٣) و تیرموذی لە _كتاب الطهارة _ باب أن الماء طهور لاينجسه شىء – بەژمارە (٦٧) و نەسائی لە _كتاب الطهارة _ بەژمارە (٥٢) } واتە : ئەگەر ھاتوو ئاو گەشتە ڕادەی قولەتەین ئیتر پیسی ھەڵناگرێت و پیس نابێت .

## مەسئەلەی چوارەم : ئاو ئەگەر ھاتوو شتێکی پاکی تێکەڵاو بوو :

ئاو ئەگەر مادەیەکی پاکی تێکەڵاو بوو، وەك گەڵای دارێك یان سابون یان ئەشنانی تێکەڵاو بوو _ کە

ترشیەکە دەستی پێ دەشۆرێت_ یان مۆرد یان هەر شتێکی پاکی ترکە بەشێوەیەك زاڵ نەدەبوو بەسەر ئاوەکەدا ئەوا بۆچوونی سەحیح ئەوەیە کە پاکەو دروستە دەستنوێژی پێ هەڵبگیرێت ولەش پیسی پێ لاببرێت وپیسی پێ بشۆررێت لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت : (وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ... ) {النساء:٤٣} واتە : ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لەسەرئاو گەڕانەوە، یان لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەم لە یەککەون و ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆ خۆشتن و دەست نوێژ گرتن) ئەوا تەیەموم بکەن بەخاکێکی پاک و (بەو خاکە) دەست بهێنن بەسەر دەم و چاوو دەستاندا ..

ووشـەی (الماء:ئاو) لەئایەتەکەدا کە هاتووە بەشـێوەیەکی نەکرە هاتووە لە سـیاقی (نەفی) دا جا لەبەر ئەوە هەموو ئاوێك دەگرێتەوە،هیچ جیاوازیش نییە لەنێوان ئاوێکی پاڵفتە و ئاوێکی تێکەڵاو بەشـتێکی پاك .

وە بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خودا بەو ئافرەتانەی کە خەریکی شـۆرینی کچێك بوون پێی فەرموون : " اغسـلنها ثلاثا أو خمسـا، أو أكثر من ذلك إن رأيتن، بماء وسـدر، واجعلن في الاخرة كافورا، أو شـيئا من كافور" {متفق عليه، ئیمامی بوخاری بەفەرموودەکانی ژمارە(١٢٥٣، ١٢٥٨، ١٢٥٩) وجگە لەمەش، وە ئیمامی موسـلیمیش بەفەرموودەی ژمارە(٩٣٩) ڕیوایەتیان کردووە} واتە : سـێ جار یان چوارجار یان زیاتر لەمە ئەگەر وویسـتتان بە ئاو مۆرد بیشـۆن کۆتاجار بە کافور بیشـۆن، یان بەشـتێك لەکافور.

## مەسئەلەی پێنجەم : حوكمی ئاوی بەكارهاتوو بۆ دەستنوێژ و لابردنی لەش پیسی :

ئاوی بەكارهاتوو بۆ پاكوخاوێنی، وەك ئەو ئاوەی بەكارهاتبێت بۆ دەستنوێژ گرتن وخۆشۆرین، لەسەر ڕای ڕاست ودروست ئەو ئاوە پاكە وپاككەرەوەیشە، بۆ دەستنوێژگرتن وهەڵگرتنی لەش پیسی ولابردن وخاوێنكردنەوەی پیسی وچەپەڵەی دەشێت، مادام ئەگەر هاتوو یەكێك لە سێ صیفەتەكەی نەگۆڕا، بۆن و تام وڕەنگی.

بەڵگەش لەسەر خاوێنی ئەم جۆرە ئاوە، ئەو فەرموودەیەیە كەڕیوایەت كراوە : " أن النبي (صلى الله عليه وسلم) كان إذا توضأ كادوا أن يقتتلون على وضوئه " {ئیمامی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٨٥) ڕیوایەتی كردووە} واتە : پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم)

هەرکاتێك دەست نوێژی بگرتایە هاوەڵەکان خەریك بوون یەکتریان لەسەر پاشماوەی دەستنوێژەکەی دەکوشت، وبەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کەڕیوایەت کراوە : " صب علی جابر من وضوئه إذ كان مريضا " {بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (٥٦٥١) وموسلیم بەفەرموودەی ژمارە(١٦١١٦) ڕیوایەتیان کردووە} واتە : جابر کاتێك نەخۆش کەوت پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) لەپاشماوەی دەستنوێژەکەی دەکرد بەسەریدا، ئەگەر بهاتایە ئاوی پاشماوەی دەستوێژ پیس بووایە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) کاری لەو شێوەیەی نەدەکرد .

وەلەبەر ئەوەش کە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) وهاوەڵ و خێزانەکانی دەستوێژیان لە دەفر وقاپێکدا دەگرت و لەمەنجەڵێکیشدا خۆیان دەشۆرد،

کارێکی لەم شێوەیەش دوور نەبووە لەوەی کە پرش ودڵۆپی ئەو ئاوە بەکارهاتووەی تێ نەکەوێتەوە، وە بەڵگەیەکی تریش لەسەر ئەم مەسئەلەیە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودایە (صلی الله علیه وسلم) کە بە ئەبوهورەیرەی فەرموو کاتێك لەشی پیس بوو: " إن المؤمن لاینجس " {ئیمامی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٣٧١) ڕیوایەتی کردووە} واتە : باوەڕدار پیس نابێت.

ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە بوو ئەوا ئاو بەتەنها لێك کەوتنی لەپاکوخاوێنی خۆی ناکەوێت .

## مەسئەلەی شەشەم : پاشماوەی ئاوی خواردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ :

السؤر : لەزمانی عەرەبیدا بەو ئاوە دەوتریت کە لەناو دەفەرێك یان پەرداخێکدا دەمێنێتەوە پاش ئەوەی کەسێك ئاوی لێ دەخواتەوە، مرۆڤ پاکە و ئەوەیشی لەدەمی دەمێنێتەوە هەر پاکوخاوێنە جا چی ئەو مرۆڤە موسڵمان بێت یان بێ باوەڕ، یان لەشی پیس بێت یان ئافرەتێم بێت و لە سوڕی مانگانەدا بێت، لەپێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) چەسپاوە کە فەرموویەتی : " إن المؤمن لاينجس " {ئیمامی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە(٣٧١) ڕیوایەتی کردووە} واتە : باوەڕدار پیس نابێت.

لەعائیشەی دایکی باوەڕدارانیشەوە گێڕراوەتەوە کە : أنها كانت تشرب من الإناء وهي حائض ، فيأخذه رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فيضع فاه على موضع فيها " {ئیمامی موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (٣٠٠) ڕیوایەتی

کردووە} واتە : عائیشـەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) لەدەفر وقاپێك ئاوی خواردەوە ولەسوڕی مانگانەدا بوو، پێغەمبەری خوداش (صلى الله علیه وسلم) ئەو دەفروقاپەی هەڵگرت ودەمی نا بەشوێن دەمەکەی ئەوەوە .

زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەر ئاژەڵێك گۆشتی بخورێت ئەو پاشماوەی ئاوی دەمیشی پاکوخاوێنە، وە ئەو ئاژەڵانەیشی کە گۆشتیان ناخورێت لەئاژەڵە دڕندەکان و گوێدرێژ وغەیری ئەوانیش ئەوە ڕای دروست ئەوەیە کە پاشماوەی ئاوی دەمیان پاکوخاوێنە وهیچ کاریگەری نابێت لەسەر ئاوەکە، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئاوەکە زۆر بوو.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئاوەكە كەم بوو، وە بەهۆی ئاو خواردنەوەیان ئەو ئاوە گۆڕرا بوو، ئەوا پیسە و خاوێن نییە.

بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە كە پاش كەمێك ئاماژەمان پێدا، كە پرسیاركرا لەپێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) لەبارەی ئاوەوە، وە ئەوەی كە ئاژەڵ و ئاژەڵە دڕندكان دەمی تێدەخەن، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : " إذا بلغ الماء قلتين لم يحمل الخبث " واتە : ئەگەر هاتوو ئاو گەشتە ڕادەی قولەتەین ئەو ئەو ئاوە پیسی هەڵناگرێت _واتە پیس نابێت _ وە بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەش كە لەبارەی ئەو پشیلەیەی كە لەدەفرێكدا ئاوی خواردەوە، فەرمووی : " إنها ليست بنجس، إنما هی من الطوافين عليكم والطوافات " { ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە بەرگی

٥/لاپەڕە ٢٩٦، وە ئەبوداودیش لە _ کتاب الطهارة باب سؤر الهرة _ بەفەرموودەی ژمارە (٧٥) وتیرموذی بە _ کتاب الطهارة باب ماجاء فی سؤر الهرة _ بەفەرموودەی ژمارە(٩٢) ڕیوایەتیان کردووە، وە ووتویەتی ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، ئەلبانیش لە (الارواء الغلیل دا بەفەرموودەی ژمارە (٢٣) بە صەحیحی داناوە} واتە : پشیلە پیس نییە، بەڵکو ئەو زۆر دێت بەسەر ئێوەدا و ئێوەش زۆر بەسەر ئەواندا دەڕۆن.

لەبەر ئەوەیش کە خۆپاراستن لێیان زۆر ناڕەحەت دەکەوێت لەسەر مرۆڤ، چونکە ئەگەر بڵێین پاشماوەی دەمی پشیلە پیسە و واجبە ئەو شتانەش کە پشیلە دەمی لێوەردەدەن ئەوە کارێکی قورس وناڕەحەتە،

ئاشکرایشە ناڕەحەتی ومەشەقەش لەسەر ئوومەتی ئیسلام هەڵگیراوە.

بەڵام پاشماوەی ئاوی دەمی سەگ و بەراز پیسە.

بەگەش لەسەر پیسی پاشماوەی ئاوی دەمی سەگ ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردوە کە پێغەمبەر خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " طهور إناء أحدكم إذا ولغ فيه الكلب، أن يغسله سبع مرات، أولاهن بالتراب " {ئیمامی بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (١٧٢) و ئیمامی موسلیم یش بەفەرموودەی ژمارە (٢٧٩) ڕیوایەتیان کردوە و ئەم لەفظەش لەفظي ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمە} واتە : هەرکاتێك سەگ دەمی وەردا یان خستە قاپ ودەفری کەسێکتانەوە ئەوا با پاکی بکاتەوە و حەوت جار بیشوات یەکەمجاریان با بەگڵ بێت .

بەڵگەی پیسی وچەپەڵی وقێزەونی بەرازیش ئەو ئایەتە پیرۆزەیە خوای گەورە کە فەرموویەتی : (قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ) {الأنعام:١٤٥} واتە :ئەی موحەمەد بڵێ: لەوشتانەدا خوای گەورە بەوەحی بۆی ناردوم ، شتێك نابینمەوە خواردنی لە کەسێك حەرام بی، باشە! ئێوە ئەو هەموو شتانەتان چۆن حەرامکرد؟ بێجگە لە مردارەوە بوو؛ یان خوێنێکی ڕژێندراو، یان گۆشتی بەراز، کە بێگومانە ئەو (بەراز)ە هەموو گیانی پیس و قیزەونە.